# نوزانەوەی فتیلی چراکان

ئیبراهیم مەلازادە

فتیلەکان
دەبەریەکڕاچوونی ئەو تارماییانەن کە دەیانەوێ بێرەدا تێپەڕبن
ئەو هەورە تریشقانەن کە دەنگی هەراساندن و بریقەی هەزاران دەنکە شقارتەیان پێیە
ئەوە منم دەمەوێ نەڕۆم و لێرەش نەمێنم
تا فتیلەکان دەرفەتی هەناسەیەکی تریان پێدەدرێ
ئەوە منم فتیلەکانم هان دەدا
ماسکی سەر ڕووی پاڵەوانە فشەکان هەڵماڵێ
لەشکری تاریکی دەڤەرەکانی دڵی وڵاتەکەم
بۆ فانۆسە سیحریەکانی پاڵەوانە بە درۆکان بگێڕێتەوە
نوزانەوەی فتیلەکان بوو
هانیان دەدام هانیان بدەم
هانیان دەدام بە پاڵەوانە درۆزنەکان بڵێم
دەبڕۆن بە زێدی ئەو وشانەدا گوزەر بکەن و هەموو بەختە ڕژاوەکان بۆخۆتان هەڵبگرنەوە
لەوێ بەرامبەر ئاوێنەی تەمەنی بابردوتان گۆرانی بڵێن و ئومێدی تەنها ڕۆژێک ژیان کۆبکەنەوە
ئەوە منم زەمەنێکە کڵاوە با بردوەکانتان لە مۆزەخانەی دوا یادگاری یەکیک لە گەورەترین بەزینەکانتان دەنژنم
غرورەکانتان بەو شمشێرە شکاوانەی کە شەڕی براکانتان پێدەکرد
دەهەنجنم و دیرۆکی زاوانەبوونتان بۆ هەموو قەدەرەکان دەگێڕمەوە
ئەوەمنم بە شەرەفی ڕژاوتان تێنوەتی ئەسپەکانتان دەشکێنم و بە دوا پاشۆڵی دڕاوتان خەزانی هەمیشە وەریوتان کۆدەکەمەوە

نوزانەوەی فتیلی چراکان
زمانێکی تازەیە
باراندنی نەفرەتە
بۆ هەموو ئەو ساتانەی ئێوەی تیادا غافڵ دەبن
بۆ هەموو ئەو دیرۆکانەی ئێوەی تیادا چاوشۆڕ دەبن
بۆ هەموو ئەو ڕاگەیاندنانەی کە بە بزمککراوی لەسەر مینبەرەکان بێ
هونەر دەبن
بۆ ئەو سەرەتایانەی ئێوە دروستی دەکەن و ئەو کۆتاییانەش کە ئەوانی
دی بەرهەمی دەهێنن
ئەوە نوزانەوەی فتیلی چراکانە
گوێی لە چرپەی هەموو ئەو دەسبازیانەیە کە لەسەر دووگوردی
هوبەلەکان ئەنجامی دەدەن
هەموو ئەو شەوبەراتانە ئامادەیە کە ئێوە بە چامانەکەی سەرتان
پەردەتان بۆ پەنجەرەی شەوەسوورەکان هەڵدەدا
ئەوە منم
فتیلەکانتان لێ هاندەدەم
سۆزانیەکانتان لێ بتۆرێنن
ساختەی تۆزی نیشتووی سەر ڕووتان
تفباران بکەن و
ڕیسی چنراوی هەموو ئەو ڕێگا دوورو درێژەتان بکەنەوە بە خوری و
بۆ دواجار ئاشبەتاڵی بە درۆکانتان بکەن
ئەوە منم
لەوەتی هەم فتیلەکانتان لێ هاندەدەم
***

Malazada86@hotmail.com